# بەرەو ڕووناکی

جگە لە سەروتار سەرجەم بابەتەکانی تر خاوەنەکانی لێی بەرپرسن.

سەرنووسەر

سالم محمەد

bargrinamasalam@gmail.com

ژمارە ٥ ٢٠٢٠/٦/١٨ ڕۆژی پێنج شەمە

## بە ناو شۆرشی سێلفیەکەی شاسوار



**گۆران لە چیدا جیاوازە؟**

**پێشرەو بابە شێخ**

**لاپەرە ٤**

**کەیسی هەندێ لە بەر پرسانی هەرێم کە پەیوەندی بازرگانیان هەبوو لەگەڵ ڕێخراوی تیرۆرستی داعش چی لێ بەسەر هات؟**

**لا / ٣**

## سەروتار

### به ناو شۆرشه سێڵفیەکەی شاسوار

*سالم محمەد*

وەک ئاشکرایە لای هەمووان لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە لەساڵی ٢٠٠٣ لە سێبەری ئەو دەسەڵاتە ستەمکاریەی یەکێتی و پارتی دروستیان کرد بە هەزاران کە س دەوڵەمەند بوون و لە جیاتی خزمەتکردن بە هاوڵاتی پارە و داهاتی ئەم ولآتیان هەموو خوارد بەناوی پرۆژەی وەبەرهێنانەوە، لەناو ئەم کەسانەدا شاسوار عبدلواحید وەک دەوڵەمەندێکی هەڵتۆقیو دەرکەوت، لە تەنیشت پرۆژەکانیدا، وەک مرۆڤێکی بوودەڵە هەنگاوبەهەنگاو هەمان سیاسەتی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفای بەکارهێنا بۆ دامەزاندنی دەزگای ڕاگەیاندن بەڵام نەک لە پێناو پرۆژەیەکی سیاسی تۆکەمەدا بەڵکو لە پێناو ئەوەی سیاسەت کردن و ڕەخنە گرتن بکاتە ماسکێک بۆ ئەو گەندەڵیانەی کردویەتەی هەروەها بەناوی بەشداری پێکردنی هاولاتیانەوە لە پشکدا میلۆنان دۆلاری دزیوە.

ئەو بەناو سیاسیە لە سەرەتایی دەرکەوتنیدا بانگی شۆرشی دەدا، لەکاتێکدا ئەو ئەوەندەی لە هەوڵی ناشرین کردنی بزووتنەوەی گۆڕاندا بوو وەک ژیانبوو لەسەر کەلەپور و بەرنامەی بزوتنەوەکە لە کاتی هەڵبژرانەکاندا ئەوەندە ڕەخنە گرتن نەبوو لە هەردوو حیزب بگرە زۆربەی کات ڕاپۆرتەکانی کەناڵەکەی بەرگری بووە لە سیاسەتی یەکێتی و پاکانەکردن بووە بۆیان، بەتایبەت کاتێک کە باسی وەرگرتنەوەی قەرزەکانی دەبێتە بابەتی میدیا.

شاسوار لە دوای کۆچی دوایی ڕەوانشاد کاک نەوشیروان مستەفا کە کەڵکەڵەی سیاست چووە مێشکیەوە بە ڕەسمی سەرەتا هەوڵی دەدا ببێتە شوێنگرەوەی چ لە جلو بەرگ و چ لە جۆری وتاردان بەڵام ئەم کارتەی کارتێکی سوتاوو بوو چونکە دوو کەسایەتی زۆرجیاوازبوون ڕەوانشاد کەسێکی بە ئەزموون چ لە شاخ و چ لەشار خاوەن تەجروبەیەکی نیوسەدە خەباتی چەکداری و مەدەنی زۆری جیاوازبوو لە بازرگانێکی هەڵتۆقیوی دروستبووی ناو ململانێکی یەکێتی کە هەموو هەوڵی ئەوەیە نەدرێتە دادگا لەسەر خواردنی پارەی خەڵکی هەژار بەناوی بەشداری پێکردنیان لە پرۆژەی چافی لاند.

دواجار هەنگاو بەهەنگاو ئەوەی شاسوار هەڵپەی بوو بۆی کەناوی ناوبوو شۆرش، لە ئەرشفیدا تەنها وێنە سێڵفیەکانی دەمێنێتەوە چونکە پرۆژە سیاسیەکی ئەم بەناو سیاسیە جگە لە یاریەکی بێ بنەما و هەوڵێک بۆ ناشرینکردن و بچوکردنەوەی بزووتنەوەی گۆران هیچی تر نەبوو، هیچی لێ سەوز نەبوو چونکە دەنگدەرانی گۆڕان لەوە هۆشیار ترن بە سیاسەکی گەورەبوو لەسەر پشتی میلەتێکی بەش مەینەت بیان خەڵەتێنێت.

## کەیسی هەندێ لە بەر پرسانی هەرێم کە پەیوەندی بازرگانیان هەبوو لەگەڵ ڕێخراوی تیرۆرستی داعش چی لێ بەسەر هات؟ ڕەوەند عبدلله حمە/ بەریتانیا

وەک لای هەموان ئاشکرا ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش ، ڕێکخراوێکی زۆر دڕندەیە ، وە بێگوێدانە هیچ بەهایەکی مرۆڤانە هەر کەسک دەست گیر بکەن زۆر بەشێوەیەکی دڕندانە دەیکوژن و بە ئەنواع شێوەی دڕندانە ، تاوانەکانیان ئەنجام دەدەن ، هەندێ جار بەشێوەی سوتان مرۆەکە دەسوتێنن یان لەسێ دارەی دەدەن ، یان بە دەسرێژی فیشەک هەرکەسێکیان بکەوێتە دەست لەناوی دەبەن و بە جیهادی لەقەڵەم دەدەن ئەو کارەی کردوویانە دورە لەهەموو بەها مرۆڤی و دینیەکانە ، ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش دین یان تێکەڵی سیاسەت کردووە ، واتە هەر ناو چەو شوێنێک داگیری بکەن ،دەبێت لەژێر حوکمی خەلافەتەکە یان بێت ، هەر کەس و لایەنێک گوێ ڕایەڵیان نەبێت ئەوا لەناوی دەبەنوو دەیکوژن بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە ئەمەش بۆخۆی کارەساتە.

بەڵام لەوە کارەسات تر پەیوەندی بازرگانی هەندێ لە بەر پرسانی هەرێمە بە ڕێکخراوی تیرۆرستی داعشەوە ، لەکاتێک دا ئەم ڕێکخراوە گەورەترین مەترسی بوو بۆ هەرێم و ناوچەکەو وە بە گەورەترین ڕێخراوی تیرۆرستی دادەنرێت ، هەندێ لە بەر پرسەکانی هەرێم پەیوەندی بازرگانیان هەبووە لە گەڵ ئەم ڕێخراوە تیرۆرستییەدا و لە بەر بەرژەوەندی ئابوری خۆیان بێ گوێدانە ژیانی هاوڵاتیان و پێشمەرگە و ئەوانەی لەسەن گەری پێشـەوەن لە جەنگی ڕووبەڕوو بوو نەوەی داعش کۆمەڵێ بەرپرس لە ژێرەوە پەیوەندی بازرگانیان هەبوو لەگەڵ داعشدا ئەمەش بۆ خۆی کارەساتە و دەبێت ناویان بچێتە ناو زبڵدانی مێژووە دە بێت ڕوبەڕوی یاسایەکی عادلانە بکرێنەوە.

هەندێ لە ڕاگەیاندنە کانیش ڕوویەکی ناشرینی خۆیان نیشاندا لەم ڕوداوەدا ، بێدەنگیان هەڵ بژاردووە و بە هیچ شێوەیەک باسی ئەو پەیوەندییە بازرگانییە ناکەن کە لەنێوان هەندێ بەرپرسوو ڕێخراوی تیرۆرستی داعش ئەنجام دراوە ، لە بەر ئەوەی ڕاگەیان دنەکانیش زۆر بەی زۆریان لەلایەن حزبەوە قۆرخ کراون بە تایبەت هەردوو حزبی دەسەڵات دار و ئەمەش بۆخۆی کارەساتە و حزب میدیا بەکار دێنێت بۆ بەرژەوەندی خۆی و پروپاگەندەو درۆ سیاسیەکانیان بڵاو دەکەنەوە ، ئەم میدیایانەش بە میدیای نا تەندروست لە قەڵەم دەدرێن و ئەم جۆرە میدیایانە جێی هیچ جۆرە متمانەیەکی میلەت نین ، بەر پرسەکان بۆ خۆڵ کردنە چاوی خەڵکی بەکاری دێنن و ئەم جۆرە میدیایـانە دوورن لە هەمـوو بە هـایەکی ئەخـلاقی و میدییای. زەرەر مەندی یەکەم هاوڵاتیانی مەدەنی و پێشمەرگە بوون ، لەبەر ئەوەی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش جگە لە پێشمەرگە هاوڵاتی مەدەنیشیان دەگرت بە دڕندەترین شێوە دەیان کوشتن لە ناچەکانی گەرمیان بە تایبەت لە گوڵەجۆی زەنگئاباد و پێیاز ئەم ڕێکخراوە هاوڵاتیانی مەدەنی و پێشمەرگەیان کردۆتە ئامانج زەرەروو زیانێکی مـادی و مـرۆییـان گەیاندۆتە ناچەکە ، بەمەش دەبێت ئەو کۆمەڵە بەرپرسە کە پەیوەندیان هەبوو لە گەڵ ئەم ڕێکخراوە ، ڕوو بە ڕووی دادگا بکرێنەوە و بە مەرجێک دادگا دووربێت لە دەست تێوەردانی حزبی و دادگا بڕیای سزای ئەو تاوانە قێزەونە کە ئەنجام یان داوە بدات ، و سزایەکی توند بدرێن ، لە بەر ئەوەی هیچ بەر پرسێکی تر بیر لە جۆرە هەڵەیەکی گەورەی وا نەکاتەوە و ببێت بە وانەیەک بۆ بەر پرسانی تر ، بەڵام بەداخەوە بۆ لایەنی پەیوەندی دارو دادگاکان کە نەیان توانیوە بێ لایەنی خۆیان بسەلمێنن لە جۆرە تاوانێکی ئاوا گەورەدا ، لە کوردستان لە دادگا کاندا یاسا جێبەجێ دەکەن ، بەسەر ئەو کەسانەی هیچ پشگیری یەکیان نییە لە لایەن هەردوو حزبی دەسەڵاتەوە ، واتە یاسا بۆ کادر و بەرپرسی حزبی بە تایبەت هەر دوو حزبی دە سەڵات جێبەجێ ناکرێ ، یاسا چەکێکە بە دەست پارتی و یەکێتی یەوە بە ئارەزووی خۆیان بەکاری دێنن ، بۆ ئەوانەی دژیان بوەستنەوە .

## گۆڕان لە چیدا جیاوازە ؟ / پێشڕەو بابەشێخ



بزوتنەوەی گۆڕان وەک هێزێکی سیاسی و جەماوەری کاریگەر لە دەرکەوتنیەوە تا ئێستا بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی دژایەتی و لێدان و هێرشکردن و بەرتەسکردنەوەی زیاتر و ڕێگریکردن لە گەشەکردنی زیاتر و تەنانەت هەوڵدان بۆ پوکانەوەی یەکجارەکی دابووە . بەڵام دامەزرێنەر و شێوازی دامەزراندن و بەرنامە و ئامانجی و شێوازی کارکردنی و پشتیوانانی ئەم بزوتنەوەیە بەهەمان شێوە هۆکارێکی کاریگەر بوون بۆ زاڵبوون بەسەر هەموو ئەم هەڕەشانە . بە باوەڕی من ئەم دژایەتی و هەڕەشانەی لە ڕابردوو دا هەبوون و لە ئێستاش بۆسەر بزوتنەوەکە دەکرێت دژایەتی نیە بۆ خودی بزوتنەوەکە وەک حزب ئەوەندەی دژایەتی و ترسە بۆ بیری دامەزراو و ڕەگ داکوتاوی بزوتنەوەکە . چونکە بیری گۆڕان و گۆڕانکاری بەردەوام هەڕەشەیەکە بۆ ئەوانەی کار و بیرو بەرنامە و ئامانجیان بۆ وەک خۆ هێشتنەوەی کۆمەڵگایە و ئەسپی خۆیان لە دۆخی چەقبەستوو تاودەدەن.کەواتە دژایەتی بیری گۆڕان و گۆڕانکاری حەتمیە و دەبێت ڕوبدات وەک ئەوەی بینیومانە و دەیبینین، بەڵام لە لایەن کەسانێکەوە کە خۆریان بەرەو ئاوابوون دەچێت نەک ئەوانەی خوازیاری ژیان و ڕۆژگارێکی پڕ لە کامەرانی و خۆشگوزەرانی و یەکسانین. ئەگەر بە زمانێکی سادە بپرسین بۆ دەبێت لە ئێستادا پاڵپشتی گۆڕان بین؟ گۆڕان لە چیدا جیاوازە ؟ ئەوە دەکرێت بە چەند جیاوازیەکی سادەتر لە پرسیارەکە ئەو ڕاستیە بخرێتە ڕوو . گۆڕان لە چیدا جیاوازە ؟

ئەگەر زۆر بە سادەیی بەراورد کاریەک بکەین لە نێوان بزوتنەوەی گۆڕان و هێزە نەیارەکانی لە ڕووی بیر و هەڵوێست و کەسی و سەرکردایەتی کردن و شێوازی کارکردن و بەردەوام بوون و خۆبەڕێوەبەری و بڕیاردان و ئامانجەکانی و کاریگەریەکانی لەسەر خەڵک و ژیانی خەڵک، بەچەند خاڵێکی کورت و سادە تێیدەگەین کە لە چیدا جیاوازە و ئەم دژایەتیە زۆرە لە پای چی ؟

یەکەم / گۆڕان خاوەنی جوانترین هەڵوێستەکان بوە کە حزبێکی سیاسی وەک گۆڕان دەتوانێت شانازی پێوە بکات لە ڕوی نیشتمانی و نەتەوەیی هیچ کات نەبوە بە جێبەجێکاری فەرمانەکانی وڵاتانی وەک تورکیا و ئێران، هەردەم پاڵپشتی مافەڕەواکانی گەلی کورد بوە لە پارچەکانی تر . لە پێناو گەیشتن بەو ئامانجانەی بۆی دروستبوە لە سەروەری یاسا و گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانیش لە باشور هیچ کات لە ئامانجەکانی لای نەداوە، بەڵک و لە خراپترین بارودۆخدا هەوڵی داوە ڕێگای گەیشتن بە ئامانج بگۆڕێت نەک ئامانج . ئایا ئەمە جیاوازی نیە بۆ ئەوەی دژایەتی بکرێت ؟

دووەم / ئەگەر جیاواز نیە لە ئەوانی تر بۆ دژایەتی دەکرێت ؟ ئایا کام لە کادیر و هەڵسوڕاوەکانی گۆڕان لە مەکۆکان و ئۆرگانەکانی تری گۆڕان کاری حزبی بۆ گۆڕان دەکەن و موچەکانیان لە لایەن حکومەتەوە بۆ دابین کراوە ؟ کامە بەرپرسی گۆڕان لە ئۆرگانێکی حزبی ئۆتۆمبێلێکی لەسەر حسابی حکومەت و بە پارەی خەڵک بۆ کردراوە و کاری حزبیی گۆڕان و کەسی و ماڵ و منداڵی پێدەکات ؟ کامە باژێروانی گۆڕان کە ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حزبەیە پاسەوانی هەیە و ئۆتۆمبێلی حزبی پێیە، کە لەسەر حسابی ئەم میللەتە بۆی کردرابێت ؟ کامە لە ئەندامانی ئەنجومەنی مەکۆکان پاسەوان و ئۆتۆمبێلی حزبی بە پارە کردراوی حکومەتیان لایە ؟ بە بەراورد بە هەمان ئۆرگان لەو حزبانەی تا ئێستا حوکمی ئەم هەرێمەیان کردوە . ئایا ناکرێت ئەم جیاوازیە ساکارانە لە بنەڕەتدا ئاڵۆزو گەورانە لەبەر چاو بگیرێن ؟ ئایا کۆمەڵگە ئەم جۆرە کارکردن و بیرکردنەوەی دەوێت یا پێچەوانەکەی ؟ ئایا پێویست ناکات لەمەدوا ئەمانە پەرەیان پێبدرێت نەک بەرەو خۆ جیاکردنەوە و پەردەداری و کەژاوەی ئۆتۆمبێل و پاسەوانی زۆروزەبەند ؟

سێ یەم / دەی فەرموون با ببینین گۆڕان لە کامە کۆمپانیای بردنە دەرەوەی نەوت و کامە کۆمپانیای هێنانی دەرمانی کوالێتی نزمی بێ کۆنترۆڵی جۆری بۆ هەرێم و لە کامە پاڵاوگە و بیری نەوت پشکی هەیە ؟ ئیتر کە گۆڕان نیەتی داوای ئەوەش دەکات ئەوانی تریش نەیانبێت و کاری بۆ دەکات ئەوانی تریش وەک خۆی لێبکات نەک ئەو بۆ ئەوان بچێت و لەوان بچێت . بۆ جیاواز نیە ؟ کە دەبینین بە نەبونی هیچ یەک لەمانە باری ئەوانی تر قورستر دەکات و هەردەم بۆی لە بۆسەدان تا وەک بەربەستێکی گەورەی ڕەگ داکوتاو ووشکی بکەن لە ڕێگەی مەکینە اعلامیە زەبەلاحەکانیان . گۆڕان جیاواز لە ئەوانی تر کەوتە کار تا سیاسەت لەگەڵ بازرگانی لێک جیا بکرێنەوە نەک هەر سێکتەرەو ببێ بە پشک بۆ یەکێک لە کۆمپانیا زەبەلاحەکانیان کە جگە لە ناوێک بۆ کۆکردنەوەی پارە و سەروەت و سامان بۆ چەند کەسێک و چەند بنەماڵەیەک هیچی تر نین . *درێژەی وتار بۆ لاپەرە ٥*

*درێژەی وتاری لاپەرە ٤*

درێژەی وتاری لاپەرە ٤

چوارەم / لە کامە داواکاری خەڵک و جەماوەر گۆڕان پشتوو پەنای داواکاریەکان نەبووە ؟ لە کامە هەڵوێست گۆڕان پاشەکشەی کردوە ؟ بزوتنەوەی گۆڕان لە کامە دادگا، باڵا دەستەو کاری بە یاسا نەکردوە ؟ چ کاتێک گۆڕان هەوڵی نەداوە کە دادگاکان و دادوەرەکان سەربەخۆ بن نەک سەربەخۆی بن ؟ ئایا ئەمانە جیاوازی نین ؟ لە کامە دادگا بەرپرسە باڵاکانی گۆڕان داواکراوی دادگان لەسەر قوت و موڵکی خەڵک ؟ ئایا هێزی داواکاری و کاربۆکردن جیاواز نین لەگەڵ هێزی جێبەجێکردن ؟ با پارێزگارەکەی گۆڕان بکەین بەنمونە کە ئایا کار بۆ هاوڵاتیان دەکات یا تەنها گۆڕانخوازان ؟ پارێزگاری هەموو خەڵکە یا گۆڕان ؟ لە کام بانگەشەی هەڵبژاردن خۆیی و پۆستەکەی بیر چۆوە و هات بانگەشە بۆ گۆڕان بکات و پۆستەکەی بەکاربێنێت ؟ ئەرێ ئەمە نمونەیەک نیە تا بڵێین گۆڕان زۆر لە ئەوانی تر جیاوازەم؟

پێنجەم / ئایا نابێت ئەو جیاوازیە گەورە ببینرێ کە لە ڕاگەیاندن داهەیە ؟ ڕاگەیاندنێک بۆ دەرخستنی ڕاستیەکان خراپێتە گەر چۆن دەبێت پشتیوانی لێ نەکرێت ؟ ڕاگەیاندنێک لە هەموو دۆخێک لە خزمەتی کوردان بوبێت لە هەر پارچەیەکی کوردستان و بەردەوام پشتیوانی دۆزە ڕەواکەی بوبێت چۆن جیاواز نابێت لەگەڵ ڕاگەیاندنێک لە خزمەتی سیاسەتی وڵاتانی داگیرکەر بێت ؟ ئێ خۆ دەکرێت ئەو ڕاستیە ببینین کە گۆڕان تەنها بەیەک کەناڵی تەلەفزیۆن و ڕادیۆیەک و دوو سایت و ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی لە بەرامبەر دەیان کەناڵ و ڕادیۆو سایتی دەوڵەمەند کراو لە خەرجی و داهاتی ئەم میلەتە وەستاوەتەوە . ئیتر بۆ دەبێت پشتیوانی نەکرێت لە بری دژایەتی کردن ؟ کامە کارمەندەیەتی بە موچەیەکی زەبەلاحی حکومەت لە ڕاگەیاندنی گۆڕان کاردەکات؟ گەلۆ ئەمانە هەمووی جیاوازی نین ؟

شەشەم / بزوتنەوەی گۆڕان لەهەموو دۆخە جیاواز و نالە بارەکاندا، لەهەموو ئەو تەنگانەیەی تێکەوتوە بۆ یەکجاریش ئامادە نەبووە بچێتە باوەشی هیچ هێزێک و پەنا بۆ هیچ خیانەتێک ببات، دەستی هاوکاریەکی نەویستوە دژی ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەییەکان بێت . بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە نەخوازراوانەی هێزە نەیارەکانی بۆیان دروستکردوە، بە خۆڕاگری و بە گۆڕینی ڕێگای گەیشتن بە ئامانج بەردەوام بوە نەک پاشگەزبونەوەو گۆڕینی هەڵوێست . ئیتر هێزێک بەو جۆرە بێت بۆ دەبێت هەر ڕۆژەو لە ڕێگای میدیا سێبەرەکانی ئەو هێزانەی ناتوانن لە ڕێگەی ڕاستەوخۆی ڕاگەیاندنەکانیان هیچ بڵێن و هیچیان پێ نیە، هێرش بکرێتە سەری و لەشێوازی خۆڵکردنە چاوی خەڵک . لە دواجاردا و لە کۆتاییدا هیچیان بۆ نامێنێتەوە جگە لەوەی دەیانەوێت بەری خۆر بە بێژینگ بگرن .

حەوتەم / گۆڕان و چاکسازی دوانەی خەباتن، بزوتنەوەی گۆڕان، بۆ چاکسازی و گۆڕانکاری ڕیشەیی دروستبوە . لەخۆمان پرسیوە چاکسازی بە کێ دەکرێت و کێ دەیەوێت چاکسازی بکات ؟ لەوانەیە بڵێین جا هەموان داوای چاکسازی دەکەن، بەڵێ بەڵام خۆ دەبێت ئەوە فەرامۆش نەکەین کە کامە هێزەیە بە چاکسازی بەهێز دەبێت نەک بچوک بێتەوە . بزوتنەوەی گۆڕان بە چاکسازی کردن لە هەر سێکتەرێکی حکومەتدا گەورە دەبێت، چونکە هێزی گۆڕان لەناو بندیوار و گەندەڵکاراندا نیە و بە پێچەوانەوە لە نەمانی دوو موچەیی و نایەکسانی داهات و خەرجیەکانی ناو کۆمەڵگا دایە . هێزی بزوتنەوەی گۆڕان لە یەکسانی و دادی کۆمەڵایەتیدایە، هێزی گۆڕان لە نەمانی جیاوازیەکان دایە . کەواتە چاکسازی و هەوڵ بۆ چاکسازی کە لە هۆکارەکانی بەشداربونی گۆڕانە لە حکومەت پێویستی بە پاڵپشتی و هاندان هەیە نەک ساردبونەوە و پێش ڕوداوکەوتن .

ئێستا کە دەزانین گۆران لە چیدا جیاوازە و لە جیاوازیدا دروستبوە، پێویستی بە پاڵپشتی و هاندان هەیە، پێویستە ببین بە هۆکارێک و پاڵنەرێک بۆ ئەوەی هێزەکانی تر ناچار بکرێن بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتن و بەڵێنەکان نەک لە کەمیندا بین بۆ سەرکۆنە کردن، پێویستە ئامادەی پاڵپشتی و هاوکاری بین نەک ئەوەی لە ئێستاوە تەپڵی شکست بکوتین . با ئەمجارە جەماوەر و خەڵکی بەش مەینەت تەنها سەیرکەر نەبێت بەڵک و ببێ بە ڕەقیبێک تا پاڵپشتی لەو هێزە جیاوازە بکات کە ئامانج و ئاواتەکانی ئەوانی لە کۆڵناوە و هەموو ڕێگاکان دەگرێتە بەر بۆئەوەی بتوانێت لە دواجاردا بتوانێت بەشێک لەم ئامانجانە بێنێتە دی کە پێشوتر پێویستیان بە ڕێچکە شکێنی هەبوە . دەبێت پشتیوانی لێبکرێت بۆ هەموو ئەم جیاوازیانە، بۆ بەردەوامبوون و چەسپاندنیان نەک ساردبونەوە و لێدان و ڕەشبینی بۆ داهاتوو .

## کۆمێنتی مامۆستایەک بەناوی سنور سیروان بۆ عەبدولای مەلا نووری




**بەڕێز کاک عەبدوڵای مەلا نوری**

ئێمە تۆمان خۆشویستوە کە بەکەس و کارەوە دەنگمان بە گۆڕاندا، تۆش بە دەنگی ئێمە بویتە پەرلەمانتار.

هیوادارم وەڵامی ئەم پرسیارانەم بدەیتەوە:

1-کاک نەوشیروان گردی داگیرکردبێ یان شەریک بێت لە کارگەی چیمەنتۆ پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش هەبوو، بۆ ئەوکات قسەت نەکرد و هەموو ڕۆژ لە گردەکە بویت؟

2-ئایا دوای یەوەی بەڕێزت نەبویتە سەرۆکی لیست گۆڕان بوە دز، ئەگەر تۆ سەرۆک لیستبای عەیبی نەبوو!

3-جەنابت لە ٢٠٠٩ بۆ ئێستا خۆشترین ژیانت هەیە بەبێ ئەوەی کار بکەیت، لە باشترین شوێن دەژیت، کە باوڕت بە شەفافیەتە وێنەی خانوو و سەیارەکەت بڵاوکەوە!

4-وا بڵاوکرایەوە مانگانە هاوکاری خەستەخانەی هیوا دەکەیت، کچێکی پورم لەوێیە و پرسیارم لێکرد و وەڵامی دامەوە تەنیا ٤٩ ملیۆن دینارت داوە لە ٢٠١٣ دا، راستە؟

5-من مامۆستام ئینگلیزی و عەرەبی بە باشی دەزانم، موچەی خانەنشینی تۆ ١٠ هێندەی منە، من دەوام دەکەم و تۆ لەماڵ ئیسراحەتی.... ئەمە ڕەوایە!

بۆ خانەنشینیت ڕەتنەکردەوە؟ ئەو قسەش ڕاست نیە کەس بە زۆر خانەنشین ناکرێت ئەگەر مامەڵە نەکات!!!!

6-بپرسە لە خۆت چوار ساڵ ٨ ملیۆن دینارو ٧ ساڵە شەش ملیۆن و ٤٠٠ و دەتەوێت تا مردنیش هیچ کارێک نەکەیت و بە موچەی خانەنشینی بژیت، ئەمە ڕەوایە!

*پێشنیار دەکەم، موچەی خانەنشینیت ڕەتبکەیتەوە، هەرچیش لەم ماوەدا وەرتگرتوە بیگەڕێنیتەوە بۆ گۆڕان یان بیدەیتە خەستەخانەی هیوا، خۆشت کاری پارێزەرایەتی بکەیت و ئێمەش بەڕۆح و بە گیان لەگەڵتین..

ئەگەر تۆ هیچ کارێک نەکەیت و موچەیەکی گەورەی ناڕەوات هەبێت و بە باشترین شێوە بژیت بۆچی پشتیوانت بم